# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣١١) سالّی بیست وسێ ١ تشرینی یەکەم ٢٠٢٣زایینیی ٩ ڕەزبەر ٢٧٢٣ کوردی ١٦ رەبیعی یەکەم ١٤٤٥ کۆچی

**311**



**بڕیار ژمارە (٢٢٥)ی سالّی ٢٠٢٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** لا ١
پەسندکردنی پەیڕەوی (سندوقی چاودێری و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە بالاکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق)

**پەیڕەوی ژمارە (١٩)ی سالّی ٢٠٢٣ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ٢
پەیڕەوی سندوقی چاودێریی و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەبالایان لە هەرێمی کوردستان-عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی ناوخۆ** ٥
هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سالّی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی سالّی ٢٠٢٢

**ڕێنمایی ژمارە (١٦)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ١٠
هەموارکردنی ڕێنمایی سیستەمی لە بڕی نۆرینگە (بدل عیادات) ژمارە (١٥)ی سالّی ٢٠٢٣

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ١١
ڕێنمایی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بڕینی گەدە وبای پاس بۆ تووشبوانی نەخوشی قەلّەوی لەڕادە بەدەر

**ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ١٤
ڕێنمایی دیاری کردنی نرخی گواستنەوەی نەخۆش بە ئۆتۆمبێلی ( فریاکەوتن)

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ١٦
هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارەی کرێکاری بیانی ژمارە (٨)ی سالّی٢٠٢٢

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی** ١٧
هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بەپێدانی چیمەنتۆ ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٢

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی سالّی ٢٠٢٣ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ١٨
هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٥)ی سالّی ٢٠٢٢ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە

**بەیانی ژمارە (١)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی پەروەردە** ١٩

**بەیانی ژمارە (١٣)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی کشتوکالّ وسەرچاوەکانی ئاو** ١٩

**بەیانی ژمارە (١٨)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی** ٢٠

**بەیانی ژمارە (٣٧-٣٨-٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥)ی سالّی ٢٠٢٣ وەزارەتی تەندروستی** ٢٠



ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فەرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١١) السنة ثلاثة وعشرون ١ تشرين الاول ٢٠٢٣ م. ٩ ره‌زبه‌ر ٢٧٢٣ ك. ١٦ ربيع الاول ١٤٤٥ هـ.

311



نظام رقم (١٩) لسنة ٢٠٢٢ رئاسة مجلس الوزراء ٢٢

نظام صندوق رعاية وتأهيل الأشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في إقليم كوردستان – العراق

| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| قرار رقم (٢٢٥) لسنة ٢٠٢٣ رئاسة مجلس الوزراء | ١ |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٥ |
| تعليمات رقم (١٦-١٧-١٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ١٠ |
| تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١٦ |
| تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التجارة والصناعة | ١٧ |
| تعليمات رقم (٤) لسنة ٢٠٢٣ هيئة حماية وتحسين البيئة | ١٨ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التربية | ١٩ |
| بيان رقم (١٣) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الزراعة والموارد المائية | ١٩ |
| بيان رقم (١٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٢٠ |
| بيان رقم (٣٧-٣٨-٣٩-٤٠-٤١-٤٢-٤٣-٤٤-٤٥) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٢٠ |



The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice

No. 311 Date: October 1, 2023 Vol.: 23

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ١٠٠٤١ لە ٢٠٢٣/٨/١٤**

## بڕیاری
## ژمارە (٢٢٥)ی ساڵی ٢٠٢٣

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، و لەبەر رۆشنایی حوکمەکانی بەندی (سێیەم) لە ماددەی چوارەم لە یاسای ماف وئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵایان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ ، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی ، و ئا ماژە بەکۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژ مارە (١١٤) لە ٢٠٢٣/٨/٩ ، ئەنجومەنی وەزیران بەکۆی دەنگ بڕیاری دا بە :

١- پە سندکردنی پەیڕەوی ( سندوقی چاودێری و شیاندنی کە سانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتە باڵاکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق).
٢- سەرجەم وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی پەیڕەوەکە لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**مەسرور بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**

**ژمارە : ١١٧١١ لە ٢٠٢٣/٩/١٢**

پاڵپشت بە حوکمەکانی بڕگەی (٣) لە ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو، و بڕگەی ( سێیەم)ی لە ماددەی (چوارەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی و تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو، و ئاماژە بە بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٢٥) لە کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١١٤) لە ٢٠٢٣/٨/٩، ئەم پەیڕەوەی خوارەوەمان دەرکرد:

**پەیڕەوی ژمارە (١٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**پەیڕەوی سندوقی چاودێریی و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان-عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**سێیەم: وەزیر:** وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی لە هەرێم.

**چوارەم: سندوق:** سندوقی چاودێریی و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

**پێنجەم: ئەنجومەن:** ئەنجومەنی چاودێریی و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان پێکهاتوو بە گوێرەی ماددەی (سێیەم) لە یاسای ماف و ئیمتیازاتی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی و تایبەت و کورتەباڵایان لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠١١ی هەموارکراو.

**ماددەی (٢):**

**یەکەم:** سندوقێك بۆ چاودێریی و شیاندنی کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان دادەمەزرێت و بودجەیەکی لە چوارچێوەی بودجەی وەزارەت بۆ تەرخان دەکرێت، و خاوەن کەسایەتی مەعنەوی دەبێت و لەلایەن ئەنجومەنەوە بەڕێوە دەبردرێت.

**دووەم:** ئامانجی سندوق بریتییە لە هێنانەدی ئەمانەی خوارەوە:

أ- پێشکەشکردنی چاودێریی و شیاندن و گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بۆ کەسانی کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

ب- پاڵپشتیکردنی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان لە گشت بوارەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستی و فێرکاری و کاتبەسەربردن و هی دیکە.

**ماددەی (٣):**

**داهاتەکانی سندوق لەمانەی خوارەوە پێك دێت:**

**یەکەم:** تەرخانکراوی ساڵانە لە بودجەی وەزارەت.

**دووەم:** بەخشین و پیتاك و یارمەتی و زەکات و وەسیەت و وەقفکردن و هی دیکە، و ئەوانەی لەلایەن دەستە نیشتمانی و بیانی و تاکەکان پێشکەش دەکرێن، بە نەخت بێت یان شمەک.

**ماددەی (٤):**

**بوارەکانی خەرجکردن لە سندوق بریتیین لەمانەی خوارەوە:**

**یەکەم:** دابینکردنی ئامێری قەرەبوکار و ئامادە سازکار و کەلوپەلی پزیشکیی پێویست بۆ کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

**دووەم:** دابینکردنی چارە سەریی پێویست و لە نێوانیشیاندا نەشتەرگەریی و شیاندنی تەندروستی و پێشکەشکردنی داودەرمان بەو کەمئەندام و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایانەی کەمدەرامەتن.

**سێیەم:** ئەنجامدانی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە و کۆڕبەند و ئامادەکردنی چاپەمەنی و چالاکیی جۆراوجۆر کە خزمەت بە کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان دەکات لەگەڵ تواناسازی و بەرزکردنەوەی کارامەییان بەو شێوەیەی لێهاتوو دەبن بۆ کارکردن لەو بوارانەی بۆیان گونجاوە.

**چوارەم:** بەشداریکردن لە پەرەپێدانی دامەزراوەکانی چاودێریی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان و چاککردنی دامەزراوە گشتییەکانی پاڵپشتیکار بۆیان.

**ماددەی (٥):**

**ئەرکەکانی ئەنجومەن بریتییە لەمانەی خوارەوە بۆ مەبەستەکانی ئەم پەیڕەوە:**

**یەکەم:** دانانی سیاسەتی گشتیی بەڕێوەبردنی کاروباری سندوق.

**دووەم:** دانانی ڕێسای ناوخۆیی بۆ سندوق ئەوانەی پەیوەستن بە کاروباری هونەری و کارگێڕیی و دارایی و سەرچاوە مرۆییەکانەوە.

**سێیەم:** هاریکاریکردنی وەزارەت و دامەزراوە و لایەنی پەیوەندار بۆ هێنانەکایەی بەرژەوەندیی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستی تایبەت و کورتەباڵایان.

**ماددەی (٦):**

**ڕێکارەکانی پێشکەشکردنی داواکاری یارمەتی بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:**

**یەکەم:** داواکارییەك لەلایەن کەمئەندام یان خاوەن پێداویستی تایبەت یان کورتەباڵا یان کە سوکاریان یان ئەوەی لە ڕووی یا ساوە نوێنەرایەتییان دەکات پێشکەش بە ئەنجومەن دەکرێت بەو مەرجەی ئەمانەی خوارەوە لەخۆ بگرێت:

أ- ناسنامەی کەسیی.

ب- ئەو بەڵگەنامانەی پشتگیریی داواکارییەکەی دەکەن.

**دووەم:** پێویستە داواکارییەکە لەلایەن ئەنجومەنەوە دیرا سەت بکرێت لە ماوەیەك لە (١٥) پازدە ڕۆژ لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی داواکارییەکە لەلای ئەنجومەن، تێپەڕ نەکات.

**سـێیەم:** ئەنجومەن بڕیاری خۆی دەدات سـەبارەت بە داواکارییەکە بە ڕەزامەندیی یان ڕەتکردنەوە لەگەڵ ڕەچاوکردنی هاوسەنگی لە نێوان داواکارییەکە و ناوەڕۆکی ئەو بڕیارەی دراوە.

**ماددەی (٧):**

**یەکەم:** سندوق ملکەچ دەبێت بۆ چاودێریی دیوانی چاودێریی دارایی لە هەرێم.

**دووەم:** ساڵانە سندوق جەردی بۆ دەکرێت.

**سێیەم:** سندوق ئەژمێرێکی بانکیی یەکخراوی دەبێت لە بانکەکانی هەرێم بە گوێرەی پێویستی.

**چوارەم:** نابێت داهاتەکانی سندوق لەدەرەوەی چوارچێوەی ئامانج و بوارەکانی خەرج بکرێت.

**ماددەی (٨):**

پێویستە لەسەر وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٩):**

وەزیر ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم پەیڕەوە دەردەکات.

**ماددەی (١٠):**

ئەم پەیڕەوە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**مەسرور بارزانی**

**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٢٥١١٥ لە ٢٠٢٣/٩/٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و مادده (٤) بڕگە سێیەم و مادده (٧) لە یا سای چەک لە هەرێمی کورد ستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢، و دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم هەمواره ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ تایبەت بە جێبەجێکردنی یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**
زیاد کردنی بڕگەیەک لە ماددەی یەکەم لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ و ماددەکە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**مادده (١):**
١- **مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتن و نوێکردنەوەی چەکی ئاگرین و تفاقی**: دەدرێت بە هاووڵاتیانی عێراقی دانیشتووی هەرێمی کورد ستان بەپێی ماددەی (٥) لە یا سای چەک لە هەرێمی کورد ستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.
٢- **دەستداری چەکی ئاگرین**: بریتییە لە خاوەنداریکردن و هەبوونی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی لەلایەن هاووڵاتیان کە بەپێی یاسای چەک ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ . هەڵگرتنی لەدەرەوەو شوێنە گشتییەکان بەهەموو شێوەیەک قەدەغەیە، تەنیا بۆ هەبوونی چەکی ئاگرینە بەشێوەیەکی یاسایی.

**ماددەی (٢):**
**یەکەم**: هەموارکردنەوەی خاڵی ١/ج لە بڕگەی یەکەمی ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:
ج- هێنانی بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە فەرمانگەکانی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان/ تایبەتمەند کە بیسەلمێنێت بەتاوانی ناسیاسی یان کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرا بێت.

**دووەم**: زیادکردنی بڕگەیەک بە ژمارە (پێنجەم) لەماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

پێنجەم:

١- لەکاتی ونبوونی ناسنامەی مۆڵەتپێدانی دەستداری یان هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی پێویستە نووسراوی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی ونبوەکانی تایبەتمەند بهێنێت بۆ دەرهێنانی ناسنامەیەکی دیکە (جێگرەوەی ونبوو ـ بدل ضائع).

٢- لەکاتی تێکچوونی (تلف) ناسنامەکە پێویستە ناسنامە تێکچووەکە ڕادەستی بەشی چەک بکات بۆ دەرهێنانی ناسنامەیەکی دیکە (جێگرەوەی تێکچوو ـ بدل تلف).

٣- خاڵەکانی (١ و ٢)ی ئەم بڕگەیە بە پێی داواکارییەک دەبێت بۆ دەسەڵاتی پێدانی مۆڵەت و رسوماتی کارگێری وەردەگیرێت بەپێی بڕگە (٥) لە پاشکۆی یاسای چەک ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢.

**ماددەی (٣):**

هەموارکردنەوەی بڕگەی یەکەم/٤ لە ماددەی (٤) لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

٤-هێنانی بەڵگە نامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە فەرمانگە کانی لێکۆڵینەوەی بەڵگەکانی تاوان/ تایبەتمەند کە بیسەلمێنێت کە داواکار و ستافەکەی بەتاوانی ناسیاسی یان کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرا بێت.

**ماددەی (٤):**

زیادکردنی دوو مادده لە ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ ڕێنمایی جێبەجێکردنی یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ لە ژێر ناوی مادده (١١) و (١٢) و مادده (١١)ی ڕێنماییەکە دەبێتە مادده (١٣)، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

**مادده (١١):**

**یەکەم:** ئەو کەسانەی لای خوارەوە کە لە ماددەی (٧) لە یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ دەقنوو سکراون، ڕێگەپێدراون بە دە ستداریی و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی تا لەو وەزیفانە بەردەوام بن بەبێ هەبوونی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی:

١- سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق و جێگرەکانی.

٢- سەرۆک و جێگر و سکرتێر و ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان - عێراق.

٣- سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران و جێگر و وەزیرەکان و سەرۆکی لایەنی نەبەستراو بە وەزارەت و ئەوانەی لە پلەی ئەواندان.

٤- سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەریی و دادوەران و سەرۆک و ئەندامانی داواکاری گشتی و لێکۆڵەرە دادوەرییەکان.

٥- ئەندامانی هەردوو نێردەی دیبلۆماسی و قونسوڵگەریی، ئەوانەی لە عێراق و هەرێم کاردەکەن بەپێی ڕێسای مامەڵەی هاوشێوە.

٦- فەرمانبەرانی پلە تایبەت ئەوانەی لە خانەی فەرمانبەرانی پلە باڵا (أ) وەزیفەکانی خاوەن پلەتایبەتەکان کە لە خشتەی مووچەو سەرمووچەی ساڵانەی یاسای مووچەی فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەرتی گشتی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ هەموارکراو و ناونیشانە وەزیفییەکان هاتووە وەکو (بریکاری وەزارەت، راوێژکار، سەرۆکی زانکۆ، جێگری سەرۆکی دیوانی چاودێری دارایی، فەریقی یەکەم، فەریق، سەرۆکی دەزگا، باڵیۆز، پشکنەری گشتی، ئەمینداری گشتی، جێگری راوێژکار و هەموو ئەو کەسانەی کە دادەمەزرێن بە مووچەی بنەڕەتی پلە تایبەتەکان (٢٤١٣٠٠٠) دوو ملیۆن و چوارسەدو سێزدەهەزار ).

٧- سەرۆکی یەکە کارگێڕییەکان ( پارێزگار، سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ، قایمقام، بەڕێوەبەری ناحیە).

**دووەم:** ئەو کەسانەی کە لەبڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتوون لە دوای خانەنشین بوونیان مافی دەستداری و هەڵگرتنی چەکیان دەمێنێت تا لە ژیاندا بن و ناسنامەی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەک و تفاقیان بەم شێوەو مەرجانەی خوارەوە پێدەدرێت:

١- هەمان ناسنامەی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەک و تفاقەکەیان پێدەدرێت کە لە ماددەی (٤) بڕگە چوارەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ هاتووە بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ- دەستەواژەی (....... خانەنشین)بە رەنگی سوور لەرووی یەکەمی ناسنامەکە دەنووسرێت (بۆ نموونە: وەزیری خانەنشین، پەرلەمانتاری خانەنشین، پارێزگاری خانەنشین...هتد).

ب- رۆژی دەرچوونی مۆڵەتەکەی لەسەر دەنووسرێت و بەڵام لە خانەی رۆژی بەسەرچوون دەستەواژەی (تا لەژیاندا ماوە) دەنووسرێت.

ج- پێشکەش کردنی داواکارییەک بۆ دەسەڵاتی مۆڵەتپێدان لە وەزارەت بۆ پێدانی مۆڵەتی دەستداری و هەڵگرتنی چەک.

د- هێنانی بەڵگەنامەیەک کە بیسەلمێنێت کە خانەنشین کراوە بەو ناونیشانانەی کە لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە هاتوون.

٢- دوای رەزامەندی پێدان ، فۆرمێکی تایبەت بە دەستداری و هەڵگرتنی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ رێک دەخرێت کە لە پاشکۆی ئەم رێنماییە هاتووە پڕدەکرێتەوە لەلایەن بەشی ناسنامەی چەک لە وەزارەت.

**سێیەم:** پێدانی مۆڵەتپێدان بۆ بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە بەبێ بەرامبەر دەبێت.

**چوارەم:** دەسەڵاتی مۆڵەتپێدان بۆ بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە تەنیا وەزیری ناوخۆیە.

**پێنجەم:** بڕگەی یەکەم و دووەم و سێیەم و چوارەمی ئەم ماددەیە هاوشێوەکانیش دەگرێتەوە لە حکومەتی عێراقی فیدراڵ کە لە هەرێمی کوردستان نیشتەجێن.

**مادده (١٢):**

ئاماژه به ماددەی (١٦) له یاسای چەکی هەرێمی کوردستان ژماره (٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ :

١- ئەگەر مۆڵه تدراو داوا کاری نوێکردنەوەی مۆڵەتی دەسـتداری یان هەڵگرتنی چەک و تفاقەکەی له ماوەی (٣٠) رۆژ بەر له رێکەوتی بەسـەرچوونی مۆڵەتەکه تا رۆژی کۆ تایی بەسـەرچوونی مۆڵەتەکه پێشکەش نەکرد بەبێ بوونی پاساوێکی رەوا ، ئەوا بەبڕی (٣٠٠٠٠٠)سێ سەد هەزار دینار سزا دەدرێت بەڵام ئەگەر لەو ماوەیه پێشکه شی کرد ئەوا مۆڵەتەکەی بۆ نوێ دەکرێتەوە لەرۆژی دواتری بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی.

٢- ئەگەر هاتوو داواکاری نوێکردنەوەی پێشـکەش نەکرد له (٣٠) رۆژ له دوای کۆتایی هاتنی رێکەوتی بەسـەرچوونی مۆڵەتەکه بەبێ بوونی پاسـاوێکی رەوا ، ئەوا مۆڵەتەکەی هەڵدەوەشـێتەوە و جارێکی دیکه مۆڵەتی پێنادرێتەوە.

٣- ئەگەر له ماوەی بڕگەی (٢)ی ئەم ماددەیه داواکاری نوێکردنەوەی مۆڵەتەکه پێشـکەش بکات ئەوا سـزای د یاریکراو له بڕگەی (١)ی سـەرەوەی لێوەردەگیر ێت و مۆڵەتەکەی بۆ نوێ دەکرێتەوە لەرۆژی دواتری بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی.

**ماددەی (٥):**

١- کار بەهیچ رێنمایی و بەیان و بڕیار و نووسراوێک ناکرێت پێچەوانەی ئەم رێنماییه بێت .

٢- ئەم هەموارەرێنماییه له رۆژی دەرچوونی کاری پێدەکرێت و له رۆژنامەی (وەقایعی کوردسـتان) بڵاو دەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

پاشکۆی ژمارە (٣)

Photo

وەزارەتی ناوخۆ

نووسینگەی وەزیر/ بەشی ناسنامەی چەک

## فۆرمی زانیاری پێدانی مۆڵەتی چەکی ئاگرین و تفاقەکەی (بێ بەرامبەر)

تایبەت بە برگە/دووەم لە ماددەی ٧ لە یاسای چەک لە هەرێمی کوردستان ژمارە (٢ی ساڵی ٢٠٢٢)

خانەنشین لە: ☐ هەرێمی کوردستان ، ☐ عێراقی فیدراڵ

**زانیاری کەسی**

| ناوی چواری | لەدایکبوون | رەگەز | گرووپی خوێن | ژمارەی مۆبایل |
|---|---|---|---|---|
| | | | | |

**زانیاری خانەنشینی**

| ناونیشانی وەزیفی خانەنشینی | ژ.ناسنامەی خانەنشینی | رێکەوتی دەرچوونی | فەرمانگەی خانەنشینی |
|---|---|---|---|
| | | | |

**زانیاری شوێنی نیشتەجێبوون**

| پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ | قەزا | ناحیە | گوند |
|---|---|---|---|
| | | | |

**زانیاری بەڵگەنامەکان**

| ژمارەی رەگەزنامە | رێکەوتی دەرچوونی رەگەزنامە | شوێنی دەرچوونی |
|---|---|---|
| | | |
| ژمارەی کارتی زانیاری | شوێنی دەرچوونی کارتی زانیاری | رێکەوتی دەرچوونی |
| | | |

| ژمارەی ناسنامەی باری شارستانی | ژمارەی تۆمار | ژمارەی لاپەرە | شوێنی دەرچوونی ناسنامە |
|---|---|---|---|
| | | | |

| ژمارەی کارتی نیشتیمانی | ژمارەی خێزانی | شوێنی دەرچوونی |
|---|---|---|
| | | |

**زانیاری چەک**

| جۆری چەك | ژمارەی چەک | بڕی تفاق |
|---|---|---|
| | | |
| | | |

مۆر

دەسەڵاتی پێدان
وەزیری ناوخۆ

تێبینی: ئەم فۆرمە لەلایەن بەشی چەک لە نووسینگەی وەزیر پڕدەکرێتەوە

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٢٠٠١٨ لە ٢٠٢٣/٩/١٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی مادده (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە ( ١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**هەموارکردنی ڕێنمایی سیستەمی لە بڕی نۆرینگە (بدل عیادات) ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ماددەی (١):**

**هەموارکردنەوەی ماددەی (١) خاڵی یەکەم بڕگەی (١) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

پزیشــکانی خاوەن پســپۆڕی لە نەخۆشــیەکانی خوێن و شــێرپەنجەی (گەورە ســاڵان و منداڵان)و چارە سەر بە تیشک و نەخۆ شیە گوازراوەکان و پزیشکانی پسپۆر لە سندوقی کۆمەک بۆ تو شبوانی شـێرپەنجە کاردەکەن و پزیشـکانی نیشـتەجێی دێرین و شـارەزا و پزیشـکانی دەرمانسـاز لە گشـت پسـپۆڕیەکانی سـەرەوە لە نەخۆشـخانە و سـەنتەرەکانی خوێن و شـێرپەنجە و سـندوقی کۆمەک بۆ توشبوانی شێرپەنجە .

**ماددەی (٢):**

**هەموارکردنەوەی ماددەی (٢) بڕگەی (١) بەم شێوەیەی خوارەوە:**

دەبێت دەوامی بەیانیانی پزیشکان هەمیشەیی بێت لە کاتی زۆر پێویست نەبێت تەنسیب نەکرێن بۆ نەخۆشــخانەوســەنتەرەکانی شــێرپەنجە، بەڵام کارمەندانی تەندروســتی پێویســتە میلاکی هەمان نەخۆ شخانە و سەنتەرەکان بن لە کاتی نەبوونی هەر ناونیشانێک بەڕێوەبەری گشتی تەندرو ستی بە فەرمانێکی کارگێری بە گوێرەی پێویستی کارمەندانی تەندرو ستی ڕادە ستپێرێت سەرەرای کارەکانی خۆیان لە نەخۆشــخانە و بنکە تەندروســتیەکان بە کارکردن لە ناو ســیســتەمی لە بڕی نۆرینگە لە نەخۆشخانەو سەنتەرەکانی چارەسەری شێرپەنچە.

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لەڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێ و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)بڵاودەکرێتەوە.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٢٠٠١٧ لە ٢٠٢٣/٩/١٠**

پاڵپشت بە ئەحکامی ماددەی ( ١٠٥) لە یاسای تەندروستی گشتی ژمارە (٨٩) ی ساڵی ١٩٨١ و ماددە (٧) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە ( ١٥) ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی ئەنجامدانی نەشتەرگەری بڕینی گەدە و بای پاس بۆ تووشبوانی نەخوشی قەڵەوی لە ڕادە بەدەر**

(Bariatric surgeries (Sleeve and gastric bypass) for morbid obesity and metabolic disorders)

**لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی (١):**

تەنیا ئەو پزیشکانەی ئەم مەرجانەی خوارەوەیان هەیە مافی ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریەیان هەیە (professional qualifications):

١- پزیشکی نەشتەرگەری هەڵگری بروانامەی بوردی ورد یان فلوشیپ لە نەشتەرگەری قەڵەوی ( Board of bariatric surgery)

٢- پزیشکی هەڵگری بڕوانامەی (بۆردی نەشتەرگەری گشتی یان نەشتەرگەری کۆئەندامی هەرس ) تەنیا بەم مەرجانەی خوارەوە بۆیان هەیە ئەم نەشتەرگەریانە ئەنجام بدەن:

أ- نازناوی زانستی پزیشکی ڕاوێژکار لە نەشتەرگەری دووربینی هەبێت ( Consultant laparoscopic surgeon )

ب- پێویستە ژمارەی ئەو نەشتەرگەریانەی کە بۆ نەخۆشانی قەڵەو ئەنجامیان داوە لە (٥٠) نەشتەرگەری کەمتر نەبێت.

ج-شارەزاییەکی باشیان هەبێت لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی سەربار و ماکەکانی ئەم نەشتەرگەریانە.

٣-ئەگەر هاتوو پزیشکێك لەو پزیشکانەی کە لە خاڵی (٢)ی ئەم ڕێنماییەدا ئامازەیان پێ کراوە ،تەنها مەرجی هاتوو لە بڕگەی (ب) یان نەبوو پێویستە لە ژێر چاودێری پزیشکانی خاڵی (١) یان (٢) کار بکەن ، هەتا تەواوکردنی ڕێکارەکان.

**ماددەی (٢):**

**مەرجەکانی تایبەت بەو نەخۆشانەی کە پێویستیان بە نەشتەرگەریە بۆ قەڵەوی لە ڕادە بدەریان** ( Surgical indications for sleeve and gastric bypass ) :

**یەکەم**: نەخۆشانی سەرو تەمەن (١٨) ساڵ:

١- ئەگەر (BMI) زیاتر لە (٤٠) بێت.

٢- ئەگەر (BMI ٣٥-٤٠) بێت و لەگەڵ هەبوونی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە قەڵەوی زیادە وەکو (نەخۆشی شەکرەی جۆری II ، خنکان لە کاتی نووستن Sleep apnea، بەرزی فشاری خوێن ، زیادی چەوری خوێن ، جگەری چەور ، پەکەوتن بەهۆی نەخۆشی جومگەکان ، نەخۆشی خوێنبەرانی دڵ، نەخۆشی خوێنبەرانی مێشك، لە دەست دانی کۆنترۆڵی میزکردن ، ناباروەری ).

٣- پێویستە ئەم نەخۆشیانە بە راپۆرت لە لایەن پزیشکانی پسپۆر پشتڕاست بکرێنەوە و بە وردی دیاری بکرێت ئایا تا چ ڕادەیەک بە ئەنجامدانی نەشتەرگەری بۆ قەڵەوی، نەخۆش سود بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیانە وەردەگرێت.

**دووەم:** نەخوشانی تەمەن کەمتر کە (١٨) ساڵ:

١- ئەگەر (BMI) زیاتر لە (٤٠) بێت.

٢- پێ گەیشتنی ئیسکەکان بە کامڵی.

٣- راپۆرتی پزیشکی تایبەتمەندی رژێنە کوێرەکان (Endocrinologist ) بۆ پێویستی ئەنجامدانی ئەم چارەسەرییە.

٤- لە کاتی هەبوونی ئەو نەخۆشیانەی لە سەرەوە ئاماژەیان پێکراوە بەپێی راپۆرتی پزیشکی تایبەتمەند.

**ماددەی (٣):**

**مەرجەکانی تایبەت بەو نەخۆشخانانەی کە ئەم نەشتەرگەریانەی تیادا ئەنجامدەدرێت (Hospital specification):**

**یەکەم:** هۆڵی نەشتەرگەری:

١- هەبوونی مێزی تایبەت لە هۆڵی نەشتەرگەری کە توانای هەڵگرتنی بە لایەنی کەم (٣٥٠) کیلۆ گرامی هەبێت.

٢- هەبوونی ئامێری دووربینی نوێ HD(Laparoscope) لە گەڵ ئامێری دووربینی کۆئەندامی هەرس.

٣- هەبوونی ئامێری Tissue sealing system ( ligasue harmonic or thunder-beat )

٤- هەبوونی ئامێری نوێی Cold operating light .

٥- هەبوونی ئامێری بەرەنگاری مەینی خوێن لە پێ لە کاتی نەشتەرگەری Intermittent pneumatic compression (IPC) device

**دووەم:** هەبوونی بەشی چاودێری چڕ لە نەخوشخانەکە (ICU).

**سێیەم:** هەبوونی تیمی پزیشکی تایبەت بە ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریانە لە نەخۆشخانەکە.

**چوارەم:** نابێت نەخۆشخانە رێگە بە هیچ کەسێکی دیکە بدات بو ئەنجامدانی ئەم نەشتەرگەریانە.

**پێنجەم:** ئەم جۆرە نەشتەرگەریانە لە کلینیکی نەشتەرگەری رۆژانە ئەنجام نادرێت.

**ماددەی (٤):**

**یەکەم**: پێویســتە تەواوی پرۆســەی ئەم نەشــتەرگەریە تۆماربکرێت و ئاماژە بە هەر ســەربار و ماکێك بدرێت کە لە کاتی نەشتەرگەری ڕوویان داوە بۆ زانین و بەدواداچوونی.

**دووەم**: پێویستە ئەم رێککارانە لە سەرجەم نەخۆشخانە گشتی و تایبەتیەکان جێبەجێ بکرێن.

**ســـێیەم**: ئەم رێنمایی و رێککارانە بەپێی گۆڕانکاری زانســـتی تایبەت بەم بوارە و بەپێی پێویســـت و بەژەوەندی گشتی دەگۆڕدرێن.

**ماددەی (٥):**

کار بە هیچ دەقێك ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە دژکار بێت.

**ماددەی (٦):**

ئەم رێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وقایعی کوردستان)وە جێبەجێ دەکریت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە : ٢٠٦٨٧ لە ٢٠٢٣/٩/١٩**

پاڵپشت بە ئەحكامی ماددەی (٧) لە یا سای وەزارەتی تەندرو ستی هەرێمی كورد ستان- عێراق ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠٠٧ و ماددەی (٢) و (١٢) لە یاسای ماف و ئەركی نەخۆش ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٠و بە مەبەستی ئاسانكاری لە جێبەجێ كردنی ئەم یاسایانەی سەرەوە بڕیارماندا بە دەركردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی دیاری كردنی نرخی گواستنەوەی نەخۆش بە ئۆتۆمبێلی ( فریاكەوتن) لە ناو شار و دەرەوەی شار لە هەرێمی كوردستان - عێراق**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم ڕێنماییە ڕێكخستنی خزمەتگوزاری ( گواستنەوەی نەخۆش) بۆ نەخۆشخانە تایبەتەكان لە لایەن كۆمپانیاكانی خزمەتگوزاری گواستنەوەی نەخۆش بە ئۆتۆمبێلی فریاكەوتن لە ناوەوە و دەرەوەی شار.

**ماددەی (٢):**

**یەكەم:** دیاریكردنی نرخی گواستنەوەی نەخۆش بە پێی ئەو بڕانەی كە لە ماددەی (سێ) ئەم ڕێنماییەدا هاتووە و پێویستە كۆمپانیاكانی خزمەتگوزاری گواستنەوەی نەخۆش یان هەر لایەنێك كە مۆڵەتی گواستنەوەی نەخۆشی پێدراوە پابەند بن بەم نرخانە.

**دووەم:** لە كاتی پابەندنەبوون بەم نرخانە لایەنی سەرپێچیكار بەپێی یاسا و ڕێنماییە بەركارەكان ڕێككاری یاسایی بەرامبەری دەگیرێتە بەر.

**ماددەی (٣):** دیاریكردنی نرخی گواستنەوەی نەخۆش بەم شێوەیەی خوارەوە:

| جۆری خزمەتگوزاری | نرخ |
| --- | --- |
| گواستنەوەی نەخۆش لە ناو سنوری سەنتەری پارێزگا | ٢٥،٠٠٠ بیست و پێنج هەزار دینار |
| گواستنەوەی نەخۆش لە سنوری دەوروبەری پارێزگا | ٥٠،٠٠٠ پەنجا هەزار دینار |
| گواستنەوەی نەخۆش لە دەرەوەی شار (قەزاو ناحیەكان) | ١٥٠٠ هەزار و پێنج سەد دینار بۆ هەر ( ١كم ) |
| هەبوونی پزیشكی خولاو + پزیشكی شارەزای گشتی لە سنوری سەنتەری پارێزگا | ٤٠،٠٠٠ چل هەزار دینار |
| هەبوونی پزیشكی خولاو +پزیشكی شارەزا لە سنوری دەورووبەری پارێزگا | ٥٠،٠٠٠ پەنجا هەزار دینار |
| هەبوونی پزیشكی خولاو + پزیشكی شارەزای گشتی بۆ دەرەوەی شار (قەزاو ناحیەكان) | ٧٥،٠٠٠ حەفتاو و پێنج هەزار دینار |

| | |
|---|---|
| هەبوونی پزیشکی پسپۆر لە سنوری سەنتەری پارێزگا | ٧٠،٠٠٠ حەفتا هەزار دینار |
| هەبوونی پزیشکی پسپۆر لە سنوری دەوروبەری پارێزگا | ١٠٠،٠٠٠ سەد هەزار دینار |
| هەبوونی پزیشکی پسپۆر بۆ دەرەوەی شار (قەزاو ناحیەکان) | ١٥٠،٠٠٠ سەد و پەنجا هەزار دینار |
| هەبوونی ئامێری هەناسەی دەست کرد لە گەڵ ستیمی سرکار لە سنوری سەنتەری پارێزگا و سنوری دەوروبەری پارێزگا | ٢٥،٠٠٠ بیست و پێنج هەزار دینار |
| هەبوونی ئامێری هەناسەی دەست کرد لە گەڵ تیمی سڕکار دەرەوەی شار (قەزاو ناحیەکان) | ٥٠،٠٠٠ پەنجا هەزار دینار |

**ماددەی (٤):**

کار بەهیچ دەقێک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامی ئەم ڕێنماییە ناکۆك بێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان)ەو جێبەجێدەکرێت.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمارە :٧١٦٦ لە ٢٠٢٣/٩/٢٥**

پاڵپشــت بە ئەحکامی ماددەی (٣٢) لە یاسـای کار ژمارە (٧١)ی ســاڵی ١٩٨٧ و لە ژێر ڕۆشـنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمـارە (١٧٢) لە ٢٠٢٢/٩/٢٠ وە بەپێی ئەو دەســـەڵاتەی کە پێمـانـدراوە ، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەموارکردنی دووەمی ڕێنمایی ژمارەی کرێکاری بیانی**
**ژمارە (٨)ی ساڵی٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنی ماددەی **(١)**ی هەمواری یەکەمی **ڕێنمایی ژمارە (٨)ی ســـاڵی٢٠٢٢**، و بەم شـــێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە:

درێژکردنەوەی ماوەی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بۆ ئەو کرێکارە بیانییانەی کە پێش دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هاتوونەتە هەرێم تا ڕێکەوتی **(٢٠٢٣/١٢/٣١)** بە هە ماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان کاروبارەکانیان ڕێکدەخرێتەوە٠

**ماددەی (٢) :**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ، جێ بەجێ دەکرێت٠

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کاروکاروباری کۆمەڵایەتی**

**وەزارەتی بازرگانی وپیشەسازی**
**ژمارە: لە ٢٠٢٣/٨/١٥**

پاڵپشـــت بەو دەســـەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاســـای وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٠ی هەموارکراو بریارماندا بە دەرچواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە.

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی تایبەت بە پێدانی چیمەنتۆ ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢**

**ماددەی (١):**

**یەکەم**: بڕگەی (**شەشەم**) هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**شـەشـەم:** فرۆشـتنی چیمەنتۆی هاوڵاتیان بۆ یەک تەن تەنها (٤٥٠٠٠) چل و پێنج هەزار دینار بێت بۆ کۆمپانیا و شـــوێنە بازرگانیەکان بۆ یەک تەن تەنها (٧٠٠٠٠) حەفتا هەزار دینار بێت دوای ڕەزامەندی وەزارەتمان.

**دووەم**: بڕگەی (**نۆیەم**) هەموار دەکرێتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

**نۆیەم**: هەر مامەڵەیەکی زەوی بە ناوی دوو کەس یان زیاتر بوو هەریەکەیان مشتەمەلی خۆی هەبێت یەک مۆڵەتی بینا یان هەبوو هەریەکە یان بە جیا کاری بۆ بکرێت چونکە شـــارەوانی یەک مۆڵەتیان دەداتێ واتە هەریەکەیان بە جیا چیمەنتۆ وەربگرێت.

**ماددەی (٢):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**کمال مسلم**
**وەزیری بازرگانی و پیشەسازی**

**دەستەی پاراستن وچاککردنی ژینگە**
**ژمارە: ١٧٧٥ لە ٢٠٢٣/٩/٢٨**

پشت بەست بە حوکمەکانی ماددەی (سی و چوار و چل و پێنج) لە یاسای پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (٨)ی ساڵی ٢٠٠٨ و حوکمەکانی ماددەی (دەیەم) لە یاسای دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە لە هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٠ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**هەمواری ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**

**ماددەی (١):**

بڕگەی **(١٦)** لە ماددەی **(٥)**ی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٢ی دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە کە تیایدا هاتووە **(**دەبێت دووری کۆگاکە لە نیشـــتەجێبوون بە لای کەمەوە (٥٠٠) مەتر بێت لە هەموو ئاراستەکانەوە) بەو شێوەیەی خوارەوە هەموار دەکەینەوە:

**(**دەبێت دووری کۆگاکە لە نیشتەجێبوون بە لای کەمەوە (٣٠٠) مەتر بێت لە هەموو ئاراستەکانەوە).

**ماددەی (٢):**

کار بەهیچ ڕێنماییەک ناکرێ پێچەوانەی ئەم ڕێنماییە بێت.

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صدیق**
**سـەرۆکی دەستە**

**وەزارەتی پەروەردە**

**ژمارە :٢٠٧٩٥ لە ٢٠٢٣/٩/١٤**

ئا ماژە بە ماددەی (٢٢) لە یاســـای وەزارەتی پەروەردە ژ مارە (٤)ی ســـاڵی ١٩٩٢ی هەمواركراو ، بڕیارماندابە:

**بەیانی**

**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- كردنەوەی (پەیمانگەی پیشـــەیی هەولێر/ خوێندنی ئینگلیزی) كە ماوەی خوێندن تێیدا (٥) پێنچ ساڵە لەسەر میلاكی وەزارەتی پەروەردە / بەرێوەبەرایەتی گشتی پەیمانگەكان.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە .

**ئالان حمەسعید صالح**
**وەزیری پەروەردە**

---

**وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**ژمارە: ٦٠٩٩ لە ٢٠٢٣/٩/١٨**

بەپێی ئەو دە سەڵاتەی پێمان دراوە لە ماددەی (٥)ی یا سای وەزارەتی كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو ژمارە (٦)ی ســـاڵی ٢٠١٠ وە ماددەی (٦٩) لە یاســـای پاراســـتنی بەرهەمی خۆماڵیەكان لە هەرێمی كوردستان- عێراق ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢١ بڕیارماندا بە :-

**بەیانی**

**ژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**یەكەم:** كردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان و بەدواداچوون لەناو دیوانی وەزارەت.

**دووەم:** ئەم بە یانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە كاری پێدەكرێت و لە ڕۆژنامەی (وە قایعی كوردســـتان) بلاودەكرێتەوە.

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری كشتوكاڵ و سەرچاوەكانی ئاو**

**وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی**
**ژمارە :٦٦٤٥ لە ٢٠٢٣/٩/٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٧) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی كاروكاروباری كۆمەڵایەتی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

١- هێنانە كایەی (استحداث) كردنی هۆبەی (یاسایی) لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری كەمئەندامان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەپێدانی كۆمەڵایەتی دهۆك بەمەبەستی زیاتر بەدواداچوونی كاروبارەكانی كەم ئەندامان .
٢- ئەم بەیانە لە ڕێكەوتی بڵاوكردنەوەی لە رۆژنامەی وەقایعی كوردستان كاری لەسەر دەكرێت .

**كوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری كاروكاروباری كۆمەڵایەتی**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٣٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- كردنەوەی بەشی (گرێ بەستە گشتییەكان لە دیوانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٣٨)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- كردنەوەی بنكەی تەندروستی (فریاكەوتنی خێرا ١٢٢ ی بازگەی شاوێس ) لە ناو یانەی ئەسپ سواری هەولێر لە بەشی كردە پزیشكیەكان سەر بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٣٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- كردنەوەی سەنتەری (نەشتەرگەری چاندنی گورچیلە ) لە نەخۆشخانەی هەولێر فێركاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەكرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسـەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسـای وەزارەتی تەندروسـتی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٤٠)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (یەکەی تەندروسـتی جیهانی )لە بەڕێوەبەرایەتی گشـتیە تەندروسـتیەکانی کە سـەر بەبەڕێوەبەری گشتی دەبێت ( هە ولێر - سلێمانی - دهۆک - هەڵەبجە - گەرمیان – ڕاپەرین – کۆیە - سۆران- زاخۆ ) .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٤١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی هۆبەی سـلێمانی KMCA لەبەڕێوەبەرایەتی کۆنترۆل کردنی هێنان و دروسـتکردنی دەرمان و ئامێرو پێداویستی پزیشکی لە کوردستان .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٤٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی بەشی (تەندروستی جیهانی) سەر بە جەنابی وەزیری تەندروستی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٤٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (سەنتەری گەلیاوە بۆ نەخۆشیەکانی شەکرە و رژێنەکان) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هە ولێر .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی بەشـی (فریاکەوتن) لە نەخۆشـخانەی رزگاری فێرکاری سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی تەندروستی هە ولێر.
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٨/٢٧.

**بەیانی ژمارە (٤٤)ی ساڵی ٢٠٢٣**

- کردنەوەی (نەخۆشـخانەی گشـتی هەورامان) لە نەحیەی بیارە سـەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشـتی تەندروستی هەلەبجە .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٣/٩/١٠.

**د. سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**رئاسة مجلس الوزراء**

**رقم: ١١٧١١ في ٢٠٢٣/٩/١٢**

استناداً إلى أحكام الفقرة (٣) من المادة الثامنة من قانون مجلس وزراء إقليم كوردستان-العراق رقم (٣) لسنة ١٩٩٢ المعدل، والفقرة الثالثة من المادة الرابعة من قانون حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في إقليم كوردستان-العراق رقم (٢٢) لسنة ٢٠١١ المعدل، واستناداً الى قرار مجلس الوزراء رقم (٢٢٥) في اجتماعه الاعتيادي رقم (١١٤) في ٢٠٢٣/٨/٩، أصدرنا النظام الآتي:

**نظام رقم (١٩) لسنة ٢٠٢٢**

**نظام صندوق رعاية وتأهيل الأشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في إقليم كوردستان – العراق**

**المادة (١):**

يقصد بالمصطلحات والتعابير الآتية المعاني المبينة إزاءها لأغراض هذا النظام:

**أولاً: الإقليم:** إقليم كوردستان-العراق.

**ثانياً: الوزارة:** وزارة العمل والشؤون الاجتماعية في الإقليم.

**ثالثاً: الوزير:** وزير العمل والشؤون الاجتماعية في الإقليم.

**رابعاً: الصندوق:** صندوق رعاية وتأهيل الأشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة.

**خامساً: المجلس:** مجلس رعاية وتأهيل الأشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة والمؤسس بموجب المادة الثالثة من من قانون حقوق وامتيازات المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في إقليم كوردستان-العراق رقم (٢٢) لسنة ٢٠١١ المعدل.

**المادة (٢):**

**أولاً:** يتم إنشاء صندوق لرعاية وتأهيل الأشخاص المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة وتخصص له موازنة ضمن موازنة الوزارة، ويتمتع بشخصية معنوية ويدار من قبل المجلس.

**ثانياً:** يهدف الصندوق إلى تحقيق ما يأتي:

أ- تقديم الرعاية والتأهيل والتنمية الاجتماعية للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة.

ب- دعم المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة في جميع المجالات الاقتصادية والاجتماعية والصحية والتعليمية والترفيهية وغيرها.

**المادة (٣):**

تتكون موارد الصندوق من ما يأتي:

**أولاً:** التخصيصات السنوية من موازنة الوزارة.

**ثانياً:** التبرعات والهبات والمساعدات والزكاة والوصايا والوقف وغيرها، والتي تقدم من قبل الهيئات الوطنية والأجنبية والأفراد، نقديةً كانت أم عينية.

**المادة (٤):**

تتمثل مجالات الإنفاق من الصندوق في ما يأتي:

**أولاً:** توفير الأجهزة التعويضية والتأهيلية والأدوات الطبية اللازمة للمعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة.

**ثانياً:** توفير العلاج اللازم ومن ضمنه العمليات الجراحية والتأهيل الصحي وتقديم الأدوية لذوي الدخل المحدود من المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة.

**ثالثاً:** اجراء البحوث والدراسات والبرامج والندوات وإعداد المطبوعات والنشاطات المختلفة والتي تخدم المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة وبناء القدرات ورفع كفاءتهم بما يؤهلهم للعمل في المجالات المناسبة لهم.

**رابعاً:** المساهمة في تطوير مؤسسات رعاية المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة وتحسين المرافق العامة المساندة لهم.

**المادة (٥):**

تتمثل واجبات المجلس في ما يأتي لأغراض هذا النظام:

**أولاً:** وضع السياسة العامة لإدارة شؤون الصندوق.

**ثانياً:** وضع اللوائح الداخلية للصندوق والمتعلقة بالشؤون الفنية والإدارية والمالية والموارد البشرية.

**ثالثاً:** التعاون مع الوزارات والمؤسسات والجهات المعنية لتحقيق مصلحة المعاقين وذوي الاحتياجات الخاصة وقصار القامة.

**المادة (٦):**

تكون إجراءات تقديم طلب المساعدة كالآتي:

**أولاً:** يتم تقديم طلب من قبل المعاق أو ذوي الاحتياجات الخاصة أو قصير القامة أو ذويهم أو من ينوب عنهم قانوناً إلى المجلس، على أن يتضمن ما يأتي:

أ- الهوية الشخصية.

ب-الوثائق التي تدعم طلبه.

**ثانياً:** تتوجب دراسة الطلب من قبل المجلس خلال مدة أقصاها (١٥) خمسة عشر يوماً من تأريخ تسجيل الطلب لدى المجلس.

**ثالثاً:** يتخذ المجلس قراره بشأن الطلب سواء بقبوله أو رفضه، مع مراعاة التوازن بين الطلب ومضمون القرار المتخذ.

**المادة (٧):**

**أولاً:** يخضع الصندوق لرقابة ديوان الرقابة المالية في الإقليم.

**ثانياً:** يتم جرد الصندوق سنوياً.

**ثالثاً:** يكون للصندوق حساب مصرفي موحد لدى مصارف الإقليم حسب الحاجة.

**رابعاً:** لا يجوز صرف واردات الصندوق خارج نطاق أهدافه ومجالاته.

**المادة (٨):**

على الوزارات والجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا النظام.

**المادة (٩):**

يصدر الوزير التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا النظام.

**المادة (١٠):**

ينفذ هذا النظام من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

**مسرور بارزاني**

**رئيس مجلس الوزراء**